# ژوانی من

## سمکۆ قادری

محەممەد قادری، ناسراو بە سمکۆ.
پلەی خوێندکاریی: خوێندی باڵا لە وێژەی ئینگلیزیی.
شوێن: ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ناوچەی موکریان، شاری نەغەدە، گوندی مێماندار.

هەر زوو زوو، لە دەلاقەی ژوورەکەمەوە بە دزیی چاوێک لە کۆڵانە تەنگ و تاریکەکەمان دەکەم. جارێک لە دیوی خەوەکەمەوە، جارێک لە هاڵەوە. دەزانم هەر ئێستا دەگاتە بەر دەرگە. ماڵەکەم خاوێن خاوێن کردووەتەوە. کەمتر وا پێشهاتووە ماڵەکەمان وەها خاوێن بێت، مەگەر میوانێکی ئاوام هەبێت. بە هاوماڵییەکەشم گوتووە جاریٚ نەیەتەوە ماڵیٚ. هەڵبەت خۆی دەزانیٚ بۆچی! لە دۆخەکە باش تێدەگات و هەمیشە پێشەوەی پێی بڵێم، خۆی زوو ماڵەکە چۆل دەکات. بۆ ئەوەی کەس شک نەبات، چیتر پەنجەرەکە ناکەمەوە. ئەم جار دەرگەی هاڵ، کە بە سەر حەوشەکەوەیە دەکەمەوە. ماڵی بەرانبەرم ژن و مێردێکی پیری تێدا دەژن. زۆرتر وەک پاسەوان دەچن، هەتا وە دایک و باوکێکی پیر. هەر کەس بە کۆڵانەکەماندا بیٚ و لە بەر چاویان نامۆ بنوێنێت، بە چاوی دز و چەتە سەیری دەکەن. لە ترسی ئەوان مەجبوورم دەلاقەکە تەواو نەکەمەوە و بە سووچێکیدا چاو لە سەری کۆڵانەکەمان دەکەم. لە ناکاو لە دەرگە دەدەن. بێەوەی بڵێم کێیە، یان چاو لە شاشەی ئایفۆنەکە بکەم، خێرا دەرگەی لێدەکەمەوە. تازە لە حەمام بوومە. ڕدێنم سیٚ تیغ تاشیوە، خۆم خاوێن و لووس کردووە. هەر بۆنی سابوونی لوکسم لێدێت. جلێکی لووسکەڵانە و سێکسییم لەبەر کردووە. پێشەوەی بگاتیٚ، دەرگەی هاڵیش دەکەمەوە. گۆرانیی «ناز مەکە»ی میکایلیشم داناوە. خۆم تەواو ئامادە کردووە، ئیدی هەر، کە لاقی لە دیوی ژوور نا، دەسبەجیٚ دەستم لە ملی ناسک و باریکی بکەم و لێوم لە سەر لێوی دابنێم و توند لە باوەشی بگرم. دویٚ شەو هەتا بەیانیی خەونم پێوە دیوە. دڵم وەک دڵی چۆلەکە تووند توونند لێدەدا. هەزار بیرم بە مێشکیدا دێت و دەڕوا. لە مێژە چاوەڕوانی ئەم ساتە دەکەم. تەنیا یەک جار یەکترمان دیوە. بۆ ئەوەی بیکێشمە ماڵیٚ، هەمیشە بیانوویەکم دەدیتەوە: «ئەمڕۆ زۆر ماندووم»، «سبەی تا شەویٚ کارم هەیە»، «باوەڕم پێبکە میوانمان هەیە و ناتوانم بێم». زۆر لە بیانوویەکان ڕاست بوون و هەندێکیشیان درۆ بوون. بەڵام چبکەم. چارەم نییە. زۆر حەز لە لێوی سووری، لە زوولفی هەمیشە خاوی، لە بەژن و بالاّی نەرم و نۆڵی دەکەم. هەر چی شەوە خەونی پێوە دەبینم. سەرەڕای ئەوانە زۆریشم خۆش دەوێت. ئەویش تا ئێستا تەنیا دوو جار گوتوویە، کە نایەم. دوایە هەر دەیگوت ڕۆژێک دەرفەتم بوو، دێم بۆ لات. ئێستا دەرگەی هاڵم کردووەتەوە و خۆشم لە پشت دەرگە حەشار داوە. دیواری حەوشەکەمان نەوی و قوڵەیە، هەر بۆیەش لە ماڵی دراوسێکەمان و ئەوبەر کۆڵانەکەمانەوە جوان دیارە. دەترسێم کەسێک بمبینیٚ.

لەپڕ دەنگی شڵپەشڵپی هەنگاوەکانی دێت.

لە ناوەڕاستی حەوشەکەوە هەرا دەکات: ژیار؟ لێرەی؟

بەحاستەمێک لە پشت دەرگەوە سەرم وەدەر دەخەم و بە دەنگێکی زۆر نزم دەڵێم: لێرەم بەقوربان، وەرە زووکە، لە حەوشە قسان مەکە.

ترسی لێدەنیشێت. بەپەلەپەل و دڵەکوتە خەریکی قەیتانی پێڵاوەکانی دەبیٚ. لە ناکاو ترس زۆرتر دایدەگرێت. دەستی وەلەرزین دەکەویٚ و قەیتانەکانی لێدەبێتە گرێپووچکە. بە هەناسەبڕکە و ترسەوە دەڵیٚ: ئەگەر هەست دەکەی مەترسیی هەیە، تا درەنگ نەبووە، با زوو ڕا بکەم؟

دەڵێم: نا نا زووکە، هەروا بە پێڵاوەکانتەوە وەرە ژوور، پێویست ناکا دەریان بێنی، زووکە زوو...
بارانەکی بە خوڕ دەبارێت. لە گەڕەکە کوردنشینەکان هەمیشە بە چۆڕە بارانێک قوڕ و چلپاوێک دروست دەبێت، کە لە گوندە شاخاوییەکانیش شتی وا نابینیت.
تروووسکە دەڵێ: هەر وا بێم؟ خۆ هەموو قوڕە، چۆن دەبێ؟
بڕێک ڕقم هەڵدەستێ و دەنگم بڕێک بەرز دەکەمەوە و دەڵێم: کچێ زووکە زوو. ئەتۆ کارت بەوە نەبێ نا ماڵەتە، ئەوێ بۆ قسان نابێ زووکە...
تروووسکە هەر وا بە پێڵاوەوە دێتە ژوورەوە و خۆی لە باوەشم داوێت. کیفەکەی فڕێدەداتە نێوەڕاستی هاڵێ و بێ‌ئەوەی هیچ بڵێ بە مانتۆی تەڕیەوە دەمی بۆ دەمم دێنێ و تێر تێر لێوی یەکتر دەمژین. ئێستا پێڵاوەکانی دەر نەهێناوە و هەروا لێوم لە لێوی دایە، کە لە ناکاو لە دەرگە دەدەن...
تروسکە دەستی باریک و ناسکی لە دەوری شان و ملم هاڵاندووە و خۆی شل و وێڵ لەباوەشم هاویشتووە. لە ¬ناکاو بە دەنگی تەقەتەقی دەرگە خوودار دەبێ و دەسبەجێ خۆی ڕادەپچکێنێ و بە ترس و لەرزە و بە دەنگێکی تۆقیو و نزم دەڵێت: ئەی خودایە گیان کێیە؟ کێیە؟ چ بکەم ژیار؟ قوڕم وە¬سە¬ری، ئەی دایە گیان...
منیش تۆزێک دەترسێم. بنەماڵەی منیش تۆزێک ئایینیی و نە¬ریتیین. ئەگەر بێتو پۆلیس بێت، ئەوە لێکمان مارە دەکەن. بەڵام کێشەکە هەر ئەوە نییە. کێشە گەورەکە ئەوەیە، کە من ئێستا بارودۆخی ژنهێنانم نییە. دیسان لە دەرگە دەدەنەوە. تروووسکە بێ‌ئەوەی قسەیە¬کی دیکە بکات، هەروا بە پێڵاوانەوە هەڵدێتە دیوە چووکەکەم. منیش چەند چرکەیەکی دیکە هەروا وڕ و سەرلێشێواو ڕادەمێنمە ئایفۆنەکە. ئە¬م جار هەڵوێستی خۆم دەگرم. دەرگە دەکەمەوە و دەڵێم:
فەرموو؟ کێیە؟
تەقەتەقی ڕێژنەی باران بەسەر لێواری سە¬رکڵاوە¬ی ئایفۆنەکە¬وە هێندە زۆرە، هیچ دەنگێک نابیسم.
دیسان بەدەنگێکی بەرزترەوە دەڵێم: فەرموو؟
بە¬ڵام ئە¬م جارە¬¬ش بێجگە لە دەنگی تنۆک تنۆکی باران هیچی دیکە نابیسم. ڕەنگە کە¬سی لێنە¬مابێت. نازانم... بەڵام ئەو وەڵام نەدانەوە زۆرتر دەمترسێنێت. چەند چرکەیەک چاوەڕوان دەبم. لەپڕڕا بێ‌ئەوەی دەرگە بکەمەوە، لە دەلاقەی هەڵماوییەوە دەبینم دەرگە وەجووڵە دەکەوێ و خەریکە دەکرێتەوە. تەزوویەک بە هەموو گیانمدا دێت و تەنیا کەسێک، کە بە مێشکمدا دێت، پۆلیسە. لەباڵ خۆمدا دەڵێم تەنیا پۆلیس دەتوانن دەرگەی خەڵک بکەنەوە، چونکە زیاتر لە من و هاوماڵییەکەم کەسی دیکە کلیلی ماڵێ پێنییە. کە وایە کێیە؟ وردەوردە باوەڕ دەهێنم، کە ئەو ژنە پیرە ڕاپۆڕتی لێداوم و ئەوانە پۆلیسن. بەڵام خۆ هەر کەس دیار نییە. نازانم چبکەم. لە کاری خۆم پەشیمان دەبمەوە و دەڵێم بریا هەر بە ماچی نێو کۆڵانە تەنگ و تاریکەکان قەناعەتم کردبا.

لەناکاو کابرایەکی چوارشانەی سمێڵ فش و قەڵ و بە ئۆوێرکۆتێکی سەوز و تەلیسێک برینج بەدەستە¬وە بە خێرایی بۆ لای دەرگەی حە¬وشە¬وە دێ. بە دەلاقەی هاڵێدا چاوی لێدەکەم و وستە ناکەم. ترس و دڵەکوتە زۆرتر دامدەگرێت. شووشەی دەرگە هەڵمێکی ئەستووری بە¬خۆوە¬ گرتووە و چاک نابینم، بە حاستەمێک دەرگەی دەکەمەوە. بە سوچێکیدا دەبینم ژنێکیش، کە لەپشتەوە بە تەنەکەیە¬ک ڕوون لەدەستێک و ستڵێکی سپیش لەدەستێکیدا، بە زۆریی بە لاقێکی دەرگە دادەخا، کابرایەکە بە دەنگێکی بەرز هەرا دەکات:

محەممەد؟ محەممەد؟ بۆ وەڵام نادەیەوە؟

ئاوڕێک لە ژنەکەی دەداتەوە و دەڵێت:

پێم وایە لە ماڵ نییە. ئەو هەتیوە بەو باران، با و سەرمایەی لە کوێیە؟

ژنەکەی دەنگێکی لێدێت، بەڵام لەبەر خوڕەخوڕی باران هیچم گوێ لێنابێ. زوو تێدەگەم ئەوانە دایک و باوکی محە¬ممەدی هاومالمن.

گە¬یشتنە بەر دەرگە. دەرگەی لێدەکەمەوە و دەڵێم:

سڵاو، سڵاو، فەرموون، ببوورن توخودا ئەوە لە حەمامێ بووم.

پیاوەکە دەڵێت:

سڵاو کاک ژیار، چۆنی بەقوربان، ئەرێ دەرگەتان بۆ کرابوەوە؟

چاوم زەق دەکەم و دەڵێم: دەرگە!!؟؟

دەڵێ: ئەی محەممەد لە کوێیە؟

تەلیسە برینجەکەی لێوەردەگرم و دەڵێم:

وەڵا محەممەد چووەتە خەوگە، لای هاوکلاسییە¬کانی بڕێک وانە بخوێنێت.

بزەیەکی بە سمێڵیدا دێت و دڵۆپەیەک باران لە نووکی سمێڵییەوە دەتکێ و دەڵێت:

بەڕاست؟ بریا بۆ خۆی بە شتێک گە¬یشتبا و خۆی لە کاری مەزرا و مەڕ و ماڵات ڕزگار کردبا. ئێمەشی حەساندباوە...

دایکی دەگاتێ و هەر لەڕێوە بە دەنگێکی بەرز دەڵێت:

سڵاو، چۆنی بەقوربان؟ تۆ ژیاری؟ محەممەد زۆرت باس دەکات.

دوای چاکوخۆشییەکی زۆر دێنە ژوورێ و هەردووکیان هەر جارنا¬جارێک لە ژێرەوە چاوێک لە شاڵوارە لووسکەلانەکەم دەکەن و گنجێک دەخەنە نێوچاوانیان، ڕەنگە بڵێن چاو! محەممەد لەگەڵ کێ هاوماڵە!؟ حە¬ک بە¬زیاد نە¬بی ڕۆڵە بۆخۆت و هاوماڵت.

لە ناکاو دایکی دەڵێت:

ئایەڕۆ... ئەوە بۆچی بە کەوشەوە چوونەتە سەر فەڕشان؟

هیچ ناڵێم، هەڵبەت نازانم چ بڵێم. درۆشم بۆ هەڵنابەسترێ. هێشتا نەهاتوومەتەوە سەرخۆ. ئەو هەموو دڵەکوتە و گوشارە لە چەند ساتێکدا سەری لێشێواندووم و خۆم لێونبووە.

بۆ ئەوەی بۆ لای دیوەکەی من نەڕۆن، دەڵێم:

تروووسکە؟ تروووسکە¬؟ تروووسکە گیان؟
دەنگێک لە پشت کومێدەکەوە لە نێو جێوبانەکانەوە دێت.
دەرگەی کومێد دەکەمەوە، هیچ نابینم. وەها خۆی لە ژێر جێوبانەکەوە شاردووەتە¬وە کە پۆلیسیش هاتبان نەیاندەدۆزییەوە. بەحاستەمێک پێکەنینم دێت و بە سرتە¬وە دەڵێم: مەترسیَ بەقوربان، دایک و باوکی محەممەدن. نایەنە دیوی من. تەنیا دەنگت نەیەت بەسە. پێم وایە ئێستا دەڕۆن.
سەری لە ژێر دۆشەک و پەتۆوە دەردێنێت. زەرد زەرد هەڵگەڕاوە و حەپەساوە، لەبەر دڵەکوتە، هیچی بۆ نایێت.
دەستێکی بە قژی خاوی دادێنم و هەر لەویَ ماچێکی سەرکوڵمانی دەکەم. بە ئارامیی لەبن گوێی دەڵێم:
گوڵەکەم مەترسیَ، هیچ نییە، ئارام بە گوڵم.
دیسان بە ئارامیی دەستم بە پشت و ملی دادێنم و ماچێکی دیکەی لێدەکەم. تۆزێک ئارام دەبێتەوە.
دەڵێم:
هەر لێرە بە، تا من بچم چایەکیان بۆ دروست بکەم و تۆزێکیان سەرقاڵ بکەم.
دەستم توند دەگوشیَ و دەڵیَ باش.
پێی دەڵێم زۆر جووڵە¬جووڵیَ مەکە، با شک نەکەن. دەڵیَ باش و خەریکی کردنە¬وە¬ی گرێپووچکەی پێڵاوەکانی دەبێت.
منیش پانتۆڵەکەم لەبەر دەکەم و دەڕۆمە لایان. کە دەچمە دەریَ باوکی بە تەلەفۆن قسان لەگەڵ محەممەد دەکا و دەڵێت: ئێمە لێرەین، لە ماڵی تۆ.
دەستبەجیَ دوای زەنگەکەی باوکی، محەممەد زەنگم بۆ لێدەدا و بێەوەی بڵیَ چیت بەسەرهات و لەگەڵ تروووسکە چیت کرد، بەپەلە¬پەل دەڵێت:
کوڕە زوو برۆ دیوەکەم ئەو شتانەم کۆ بکەوە، زوو زوو. بەیانی شکۆفە لەلام بوو، زووکە هەر چی لەوێیە خڕی بکەوە و لە چەمەدانەکەمی هاویَ هەتا نەیانبینیووە.
زوو دەچم، بەڵام کار لە کار ترازاوە. دایکی هەموو شتێکی دیتووە. خەریکە بەپەلە خڕیاندەکاتەوە هەتا باوکی نەیانبینێت. منیش بێەوەی هیچ بڵێم هەروا دێمەوە دەر و چایەکی دادەنێم و پەیامێکی بۆ دەنێرم، کە دایکت هەموو شتێکی دیت، بەڵام باوکت نەیزانیوە. محەممەد بە ترس و شەرمەوە زوو دێتەوە. دایکی بە ڕووی خۆی ناهێنیَ و قسەی خۆش دەکەن. منیش چایەکەیان لەپێش دادەنێم و خۆم بە چایەکەوە دەدزمەوە و بۆ تروووسکەی دەبەم. هەر دەچم تروووسکە بە سرتە و نیگەرانییەوە دەڵێت:
من تا کاتژمێر نۆی شەو نەگەمەوە خەوگە، بەڕێوبەری خەوگە کە تەلەفۆن بۆ دایک و باوکم دەکات. باوکم زۆر ڕقەستوورە، بەخودای دەمکوژێت. دەبیَ هەر ئێستا برۆم. چبکەم؟ هەرچی بیردەکەمەوە، هیچ بە مێشکم ناگات. وا دیار بوو ئەوشۆ دایک و باوکی لێرە دەمێننەوە و هیچ ڕێیەک نییە تروووسکە پێیدا هەڵبێت.

لە ناکاو چاوم بە دەلاقە بچووکەکەی دیوەکەم دەکەوێت و بە ترووسکە دەڵێم: مەگەر لەو دەلاقەیەوە خۆت لە حەوشە¬ی هاوێی و بڕۆیە دەرێ. بۆ منی کوڕ زۆر ئەستەم نییە خۆم لەوێڕا فڕێ بدەمە خوار، بەڵام بۆ کچێکی ناسک و شلی وەک ترووسکە، هەم زۆر ئەستەمە، هەم مەترسیداریشە. دوایەش ڕەنگە ژن و پیاوە پیرەکە، یان دراوسێکانی دیکەش ببینن. ترووسکە لەپێشدا بە ترسەوە دەڵێت: نا بەخودای ناتوانم. دەگری و فرمێسکی بە چاوانیدا دێنە خوار. بە دڵی پڕ و پەرێشانەوە بە نەرمیی و بە گریانە¬وە دەڵێت:

گووم خوارد، سەت جارم گوو خوارد. خۆم تووشی چ کرد. ئەی خودایە گیان. بە دەستی خۆم چیم بەسەر خۆم هێنا...

منیش، کە فرمێسکی دەبینم، زۆر تێکدەچم و ناڕەحەت دەبم. بەڵام بۆ ئە¬وە¬ی ئارامی بکەمەوە، هیچ وەڕووی خۆم ناهێنم و بە ئارامیی دەستم بە زووڵف، سەر و پشتی دادێنم و لە باوەش خۆمی دەگرم. بە دەنگێکی نزم و پڕ لە خۆباوەڕیییەوە دەڵێم:

ترووسکە گیان، بەقوربان، گوڵەکەم نیگەرانی هیچ مەبە، زۆر زۆرە¬کە¬ی هەموو شتێک ئاشکرا دەبێت و دەتخوازم، لەوە¬ی زیاترە؟ گوڵەکەم، هەناسەکەم، ئە¬وینەکەم. مەگری هیچ نییە...

وەک منداڵێکی چووکەی بەرمەمکان، لە باوەشی خۆم گرتووە و بە سنگی خۆمە¬وە ناوە، لە ژێرەوە بە نووزە¬ نووزەوە دەڵێت:

تۆ باوکم ناناسی، تایفەمان ناناسی، دراوسێکانمان ناناسیت. ئابڕووی بە¬هەزار ساڵم دەبەن...

منیش هەر وا ماچی دەکەم و دەستی پێدادێنم و وردە¬ وردە بڕێک ئارامی دەکەمەوە. دنیا کەمکەمە تاریکولێڵ دەبێ و ترووسکەش هەر لە باوەشمە و نەمانتوانیوە هیچ بکەین. باوک و دایکی محەممەدیش هەر دەنگە دەنگیان دێت و محەممەد باسی زانستگە و شتیان بۆ دەکات.

لە ناکاو ترووسکە دەڵێت:

لەو دەلاقەوە خۆم داوێمە نێو حەوشە. بەڵام تۆ بچوو لە حەوشە باوەشم بۆ بکەوە و بمگرەوە. تۆ لەوێ بیت، دەوێرم خۆم فڕێ بدەم.

من زوویەکی بە بیانووی چوون بۆ ئاودەستی حەوشە، دەڕۆمە دەر و ترووسکەش دێتە سەر دەلاقەکە. لە پێشدا ترووسکە دەڵێ ناوێرم بەخودای. پێی دەڵێم:

هیچ نییە بەقوربان، من لێرەم، هیچ نابێ، دەتگرمەوە گوڵەکەم. زووکە.

ترووسکە بێەوەی هیچ قسەیە کی دیکە بکات، دەڵێ: هاتم.

لەگەڵ خۆفڕێدانی لاقی لە سەر لێواری دەلاقە کە هەڵدەخلیسکێ و لابەلا بە سەرمدا دەکەوێ و دستم لێی گیر نابێ و منیش دەخات. لەگەڵ کەوتنی چریکەیەکی لێدێت و هاوار دەکا؛ ئەی دایە گیان لاقم. ئەی دایە لاقم شکا، ئەی بابە مردم.

زوو دەڵێم:
تروسکە گیان؟ تترووسکە؟ بەقوربان؟ چبوو؟
باران هەر وا بە¬ خوڕ دەبارێ و هەردووکمانی خووساندووە.
تترووسکە دەزانێ بە چریکە¬ی دە¬نگی، دراوسێکان، باوک و دایکی محە¬ممە¬د خێرا دە¬گە¬نە سەرمان. لە ترسان بێەوەی نووزە¬ی لە¬بە¬ر بێت، دەستبەجێ بە ڕاکێشڕاکێش هەڵدێتە پشت دەرگە و خۆی دەگەیەنێتە سە¬ری کۆڵانەکەمان. منیش بە دوایدا هەڵدێم و لەم ساتە¬دا دایک و باوکی محەممەد و دوو سێ ژنی دراوسێمان دە¬ستبە¬جێ دە¬گە¬نێ. هە¬ر یە¬کە¬ی لە¬بە¬رە خۆیەوە دەڵێ: ئەیڕۆ بابانم... چ بووە ڕۆڵە گیان؟ چت لێهات؟ کەوتی؟
منیش لە چەند شەقاو دوورترەوە، وێڕای وان دەڵێم: ئەوە چ بووە؟ بۆ کەوتی؟ لاقت زۆر دێشێ؟ بتبەینە دکتۆر؟
تترووسکە هەر دەگری و ناڵەی دێ. لە ناکاو باوکی محەممەد ئۆتۆمۆبیلە شەقوتەقەکە¬ی هەڵدەکات و دایکی محەممەدیش خۆی دەخاتە ژێر پیلی و هەڵیدەستێنێ و لەگەڵ دوو ژنی دراوسێمان دەیبەنە نێو ئۆتۆمۆبیل. منیش خۆمیان لەگەڵ دەخەم و لەگەڵیان دەچم. لە¬بەر ئێش، ئاخ و ئۆفەکەی تترووسکە، کەس بیر لەوەی ناکاتەوە ئەوە چی بووە و چۆن بووە. هەموو پێیان وایە لە کۆڵان کەوتووە و ئاوای بەسەر هاتووە.
تترووسکە بە هەر هەڵتەک هەڵتەکێکی ئۆتۆمۆبیل، نووزەیەکی لێدێت و لەبەر خۆیەوە دەڵێت: حاشا حاشا، گووم خوارد، تۆبە هە¬زار جار تۆبە.
منیش بێدەنگ و پەشۆکاو، بە هەر هاوار و نووزەیەکی تترووسکە، لەباڵ خۆمدا دەڵێم: سەت خۆزگە بە ژوان و ماچی کۆڵانە تەنگ و تاریکەکەمان. تۆبە هەزار جار تۆبە. ئەم جار خۆم دەرگە دادەخەم!

***